# پێناسەی سیاسەتی دەرەوە

**دەستپێك:**

**لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهان، دیاردەی سیاسەتی دەرەوە گۆڕانکارییەکی سەرەکی بەخۆوە بینی. دوای ئەوەی کەوا دیاردەیەکی سادەو پەیوەست بە ئا سایشی سەربازی بوو، بوو بە دیاردەیەکی فرە لایەن کە پەیوەندیەکی پتەوی هەبوو بە تێکرایی ئەرکە کۆمەلأیەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگاکان. لەگەڵ زیادبوونی مە سەلە و بابەتە جیهانیەکان و زیادبوونی کاراکتەرەکان لە ژینگەی نێودەوڵەتی، دیاردەی سیاسەتی دەرەوەش ئالۆزتر بوو، بەهەمان شێوە گرنگیەکەی دەرکەوت لە بواری خۆشگوزەرانی کۆمەڵگاکان.**

**لەبەر رۆشنایی ئەم گۆڕانکارییە ڕێبازی کلاسیکی باوی ئەوکات، نەیدەتوانی وێنای ئەو پێشکەوتنە بکات و هەوڵی تێگەیشتنی بدات لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخەی تیایدا بوو، بە تایبەتیش سیاسەتی دەرەوەی ئەو کاراکتەرە تازانەی کەوا لە سیستمی نێودەوڵەتی دەرکەوت بوون. ئەوەشیان لەوە دەرکەوت کەوا کێشەی چەسپاندنی پەیوەندی هۆداری ببوە کۆسپێك لەبەردەم ڕاستیەتی دەرەنجامەکانی ئەو ڕێبازە، چونکە ئەم ڕیبازە گریمانەی هاو کات و بەدوا یە کدا هاتنی رووداوە کان دە کات، ئەوەشیان زۆر بەی کات روو نادات. لەبەرئەوە دەبووە هۆی قورسی دیراسەکردنی زانستیانەی ئەو سیاسەتانە.**

**لەبەرئەوە هەوڵی نوێ دەرکەوتن تاکو بتوانێت چوار چێوەیەکی زاندستیانە دابرێژێت تا لە میانەیدا دیاردەی سیاسەتی دەرەوە شیکار بکرێت بە گوێرەی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتبوو. ئەم هەولأنەش لە کۆ مەڵێك تویژینەوەی زانستی دەرکەوت کەوا هەریەك لە هارۆڵد و مارگرێت سبراوت و کۆمەڵەکەی ریچارد و جێمس روزناو و چارلز هیرمان ئەنجامیاندا،بە مەبەستی پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی زانستی بۆ ئەو ڕاڤە کردنانە. ئەوە بوو کۆمەڵێك تویژینەوەی زانستیان ئەنجامدا، کە بووە هۆی بناغە دانانی ئەدەبیاتێکی زانستی چڕوپڕ و تەواو بۆ راڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە بە هەموو لایەنە جیاوازەکانیەوە.**

## پێناسەی سیاسەتی دەرەوە

**ئەگەر بڕوانین لە پێناسەکانی سیاسەتی دەرەوە کە لە دیراساتە زانستیەکان کراوە، سەرنج دەدەین کەوا ڕێککەوتنێك نیە لە ئەدەبیاتی سیاسەتی دەرەە لە بارەی پێناسەی ئەم زانستە.هەندێ لە توێژەران پێناسەیەکی زۆر گشتی بۆ دەکەن کە ناتوانرێت جیاوازی بکرێت لە نێوان سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتەکانی تر. نمونەی ئەو پێناسانە: پێناسەکەی (حامد ربیع)ە، کەوا سیاسەتی دەرەوە پێناسە دەکات بەوەی:**

**بریتیە لە تەواوی وێنەو شێوەکانی چالاکی دەرەکی، تەنانەت ئەگەر لە لایەن دەوڵەتیشەوە دەرنەچوو بێت وەك حەقیقەتێکی سیستماتیکی، چالاکی گروپ و کۆمەڵەکان وەك بوونێکی شارستانی یان دەربڕین و گوزارشتە خودییەکان وەك وێنەو شێوەیەکی تاکەکەسی بۆ جوڵەی دەرەکی، دەکەوێتە ژێر چوارچێوەی ئەم دەروازە فراوانەی کەوا ناوی دەبەین بە سیاسەتی دەرەکی.**

**بە گوێرەی ئەو پێناسەیە، سیاسەتی دەرەکی رەفتار دەکات وەك (چالاکی دەرەکی) یان (جوڵەی دەرەکی) دەوڵەت یان کاراکتەرە کانی تر. وە ئەوەی روون و ئاشکرایە ناتوانرێت هەموو چالاکیەکی دەرەکی بریتی بێت لە سیاسەتی دەرەکی. لەبەرئەوەی ئەم چالاکیە پەیوەست نیە بە جێبەجێ کردنی ئامانجە گشتیەکانی دەوڵەت، هەر بۆیە ناکرێت پۆلێن بکرێت بەوەی کەوا سیاسەتی دەرەکیە.**

**هەر لەم چوارچێوەیەش (فیرنس و سنایدر) پێناسەی سیاسەتی دەرەوەیان کردووە و وەك هاومانایەك (مرادف)ێکی ڕێساکانی کارکردن، و شێوازی تاقیکردنەوەکان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەکان و دەڵێن، سیاسەتی دەرەکی: (بریتیە میتۆدی کارکردن یان کۆمەڵێك ڕێسایە یان هەردووکیانە، هەڵبژێردراوە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەیەك یان رووداوێکی دیاریکراو کەوا روویداوە، یان ئێستا ڕوودەدات، یان پێشبینی دەکرێت لە داهاتوو رووبدات). لێرەشدا سەرنج دەدەین ئەم پێناسەیە جیاوازی نەکردووە لە نێوان سیاسەتی دەرەکی و سیاسەتەکانی تر، چونکە سیاسەتی ناوەخۆش بە هەمان شێوە کۆمەڵێك ڕێسایە بەکاردێت بۆ رەفتار کردن و دیاریکردن.**

هەروەها ئاراستەیەکی تر هەیە، پێی وایە سیاسەتی دەرەکی پرۆسەی ئاڵوگۆری هاتنە ناوەکان (المدخلات- Input)ە بۆ چالاکیەك ئامانج لێی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراوە. (مۆدلسکی) وەك پشتیوانێکی ئەم ئاراستەیە پێناسەی سیاسەتی دەرەکی دەکات بەوەی: سیستمێکی چالاکیە کە کۆمەڵگاکان بەرەو پێشیان بردوون بۆ گۆڕینی رەفتارەکانی دەوڵەتانی تر و گونجاندنی چالاکیەکانی لە چوارچێوەی ژینگەی نێودەوڵەتی، لەم چوارچێوەیەش دوو جۆر چالاکی سەرەکیمان هەیە، ئەوانیش: هاتنە ناوەکان و چوونەدەرەکانە (المدخلات والمخرجات).

سەرنج دەدەین جیاوازی نەکرد لە نێوان تێکڕای چالاکی دەرەکی و سیاسەتی دەرەکی، بەڵام جۆرێکی دیاریکراوی دەستنیشان کرد لەم چالاکیە، کە ئەویش پەیوەستە بە گۆڕینی رەفتارەکانی دەوڵەتانی ترو بە هەرێمیکردنی چالاکیەکانی. وە روونیشە چالاکی تەنها بەشێك لە بەشەکانی سیاسەتی دەرەوە پێك دێنیت، ئەوە سەرباری ناروونی چەمکی خودی (چالاکی) و قورسی دیاریکردنی پێکهاتەکان.

**هەروەها (محمد السید سلیم) پێی وایە:**

مەبەست لە سیاسەتی دەرەوە بەرنامەیەکی ئاشکرایە کە نوێنەرە فەرمیەکانی ئەکتەرێکی نێو دەوڵەتی لە نێوان کۆمەڵێك بژاردە و ئەلتەرناتیڤی بەردەست هەڵیدەبژێرن و دەستنیشانی دەکەن لە پێناوی دیاریکردنی کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکراو لە ژینگەی دەرەکی. بە گوێرەی ئەم پێناسەیە سیاسەتی دەرەوە لە کۆمەڵێك رەهەندی گرنگ پێکدێت کە بریتین لە: یەکانەی، فەرمی، ئاشکرا، دیاریکردنی بژاردەیەك لە نێو بژاردەکان، ئامانجداری، دەرەکی، بەرنامە بۆ دارێژراو.

بە سوود وەرگرتن لە کۆی ئەو پێناسانەی کە خرانە روو، دەتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەکی بە چەند بنەمایەك دەناسرێتەوە:

1- ســـــیاســـــەتی دەرەکی بریتیە لەو رەفتارانەی کە لە ژێر کارتێکردنی هەردوو ژینگەی ناوەخۆیی و دەرەکیدا دادەڕێژرێت و پەیڕەو دەکرێت. بەمەش ســـــیاســـــەتی دەرەکی وەك تێکەڵەیەك دەبێت لە کۆمەڵێك کردەو رەفتاری بەرنامە بۆ داڕێژراوی پێشـــــوەخت، لەگەڵ کۆمەڵێك رەفتارو هەڵوێســـــتی پەرچـــــەکرداری لەمەڕ رووداو و پرس و پێشـــــهاتەکان کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی ئەوەی کە دروستکەرانی بڕیار بەرنامەیان بۆ داڕشتبێت.

بە ســـــوود وەرگرتن لە کۆی ئەو پێناســـــانەی کە خرانە روو، دەتوانین بڵێین ســـــیاســـــەتی دەرەکی بە چەند بنەمایەك دەناسرێتەوە:

2- ســـــیاســـــەتی دەرەکی بریتیە لە رەفتاری فەرمی کە لە لایەن دروســـــتکەرانی بڕیار و نوێنەرانی فەرمی دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕاگەیەندراو و ئاشکرا دەخرێتە روو.

3- ســـیاســـەتی دەرەکی ئەو رەفتارانەن کە دەوڵەتان دەیانگرنەبەر بۆ مامەڵەو کارلێککردن لەگەڵ یەکتر لە ژینگەی دەرەکی بە تایبەت ئەو رەفتار و کردارانەی کە دەوڵەتان ئاراستەی کاراکتەرەکانی تری دەکەن لە هەمان گۆڕەپان و ژینگەی جیهانیدا.